هەڵوێستەکانمان لەسەر پێوانەی زەرەرو قازانج بینا ناکەین

حەیدەر شێخ عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان پێیوایە گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا رووناداتلە بارەی لیستەکەشیانەوە کە لیستی حیزبی شیوعی وچەپەکانە بەنای لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەڵێ ئەو لیستی دەستپاکەکانە و " لە دۆڕان ناترسین".

رووداو–هەولێر

حیزبی شیوعی و چەپەکان لە دۆڕان ناترسن

حەیدەر شێخ عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان:

لیستی ئێمە لیستی دەستپاکەکانە

رووداو: چەند ساڵێک بوو حیزبی شیوعی کوردستان لەگەڵ چوارحیزبەکە دەستەواژەی پێنج حیزبەکەیان دروستکردبوو، هۆی چ بوو حزبی شیوعی لێی کشایەوەو دەستەواژەکەش وەک چوارحزبەکە چەسپا؟

حەیدەرشێخ عەلی: لەپێشدا،هیچ دەستەواژەی پێنج حیزبەکە نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو لەشیوەی تەنسیقی کارەکان و دوای دروستبوونی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان، حیزبی شیوعی وەک حیزبێک کە ئەزموونی بەرەبی هەیەو خۆی بەخاوەن پرۆسەی سیاسی و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەزانێت، لەو ئەنجومەنە هەوڵەکانی چڕکردەوە، حزبی شیوعی ئەشەو کات و ئەنێستاو ئەلەئایندەشدا موزایەدەی هەڵوێست ئاکات کەواتە وەک خۆتان دەڵێن لەهیچ دەستەواژەیەک و بەرەبک، ئەکشاوەتەوە، بەڵکو هەوڵیداوە لە ئەنجومەنێکی بەهێزتردا، قسەو هەڵوێستەکانی بخاتە روو، ئەوەی پێی دەگوترێتیش چوارحزبەکە، ئەوا هەر لەسەرتاوە حزبی شیوعی هەڵوێستی جیای لەوانی دیکە هەبووە، تێڕوانینی حزبی شیوعی بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان و هەرەشەکانی سەر دەستکەوتەکان، لەهی ئەوەی پێی دەگوترێت چوار حیزب یان سێ حزب دوای ئەوەی حزبی زەحمەتکێشان هاتە پاڵ حزبی شیوعی و لیستی ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی پێکهات، جیاوازە، بۆیە حزبی شیوعی لەگەڵیان نەبووە تابکشێتەوە، چونکە هەر لەکاتی پێکهاتنی ئەو حیزبانە لەژێر هەرناوێک کە ویستیان کاری بۆ بکەن، هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند، هەر لەوکاتیشدا تەنکیدی لەوەکردەوە کە پێویستە لەئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان قسە لەسەرکەموکوری و هەرچیەک پێی دەگوترێت لەهەرِ کەموکوڕییەکانی نێو کۆمەڵگا، ئەم هەڵوێستانەشی بەلەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەزموونەکە ئەنجام دەدات. هەروەها ئێمە حەزدەکەین پەیوەندی باشمان لەگەڵ ئەو حزبانەی ناویان دەهێنی هەبێت و بگرە لەگەڵ سەرجەم حزبە سیاسیەکانی کوردستانیش پەیوەندی باش دەخوازین.

رووداو :حیزبی شیوعی سوود مەند بوو یان زیان مەند بوو لەو کشانەوەیە؟

حەیدەر شێخ عەلی : باشە تۆ بۆ ناوی دەنێی کشانەوەو لەسەر ئەوەش پێداگیری دەکەی، ئێمە دەڵێین کە لەهیچ بەرەیەک یان لیژنەیەکی حزبەکان نەبووینە تا لێی بکشێینەوە، هەروەها حیزبی شیوعی هەڵوێستەکانی لەسەر پێوانەی زەرەرو قازانج بینا ناکات، بەڵکو بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی هەڵوێستەکانی حزبی شیوعی بڕیاردەدات لەروانگەی بیروبۆچونە نیشتمانیەروەرێتی و تێڕاوێنینە چینایەتییەکانی بۆ ململانێ کۆمەڵایتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە تەنکید دەکەمەوە کە حیزبی شیوعی لەقازانج ناگەڕێت کاتێک هەڵوێستێک وەردەگرێت یان دەری دەبڕێت و مێژووی ئەم حزبەش بڕێتیی لەو هەڵوێستە پڕ لەشانازیانە، کاتێکیش لەکاتی خۆی نەچووە ژێر ئەو شتەی ئەو حزبانەی ناوت هێنان پێکیان هێنا، بۆچوونەکانی لەچەند خاڵێک چڕ کردەوە، لەوانە لەکاتی ئەوانە ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە لەمەڕ ڕەوشی کوردستان و ئیدارات، حزبی شیوعی بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر ئەم پرسانە هەڵوێستی ڕەسمی خۆی لەڕاگەیاندنەکان و بگرە زیاتریش بڵاودەکردەوە، بۆیە پێویستی بە ڕێکلام کردن نەبوو بۆ هەڵوێستێکی سەربێیانە، کە ئێمە ئەو قسانەو ئەو هەڵوێستانەمان لە ڕێگای نوێنەرمان لەحکومەت و پەرلەمان و هەر شوێنێکی ڕەخسا بێت کردبوو، هیچ ڕیگرییەکیش لەئارادا نەبوو، هەروەها ئەو کات ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان لەئارادا بوو کە دەکرا لەوێ شتەکان بخرێنە روو، کە لەوەشدا حزبی شیوعی هەر وای دەکرد، لەلایەکی دیکەشدا، چەندین هەرەشە لەسەر هەرێمی کوردستان هەبوون، هەرەشەی نێوخۆی و گیروگرفتی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرالی و وابەستە بە ماددەی 140 و کێشەی بودجەو پێشمەرگەو نەوت و غاز و هەروەها هەرەشەی دەوڵەتانی ناوچە کە بەهەموشێوەیەک هەوڵیان دەدا درێژک لەهەرێمی کوردستان دروست بکەن، کەئەمانە کێشەی هەموومانە، بۆیە حزبی شیوعی لەو تابلۆیەدا ئاچێتە نێو گەمەیەکی سیاسی کە ڕەنگە لەداهاتودا زیان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بگەیێنێت.

رووداو: هەوڵەکانتان چۆن بوو لەگەڵ چوارحیزبەکەبۆ دروستکردنی یەک لیست ؟

حەیدەرشێخ عەلی : ئێمە هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئالیەتی دەربڕینی هەڵوێستەکان شێوازی خۆمان هەبووە، ئێمەو ئەوان حزبی جیاوازین و بۆچوون و دیدی تایبەتی خۆمان هەیە بۆ کێشەکان و هەردەمیش ڕێزلە بۆچوونی جیاواز ورای جیاواز دەگرین وئەمە بەگرفت نازانین، وەک پێشتر ئامژەم پێدا حیزبی شیوعی کوردستان خاوەن پرۆژەیەکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەو لەهی ئەوان جیاوازە، بۆیە هیچ کات هەوڵی نەداوە لەگەڵ ئەو حزبانە بەرە یان لیست دروست بکات، بەڵکو پێی وابووە لەم قۆناغەشدا، هەرێمی کوردستان پێویستی بەیەکریزی هەموو هێزە سیاسیەکانێتی و هەروەها پێویستی بە یەک گوتاری سیاسی هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە لایەنەکان ئازاد نین لە دروستکردنی هاوپەیمانێتی، بەڵام ئەوەندەی پەیوەستە بە حزبی شیوعییەوەیە، هەوڵی نەداوە لەگەڵ ئەو حزبانە بەرە یان لیست دروست بکات، بەڵکو ئەگەر هاوپەیمانێتییەکی کۆگیر نەبوو، کەپێشترش خەیاراتی بەردەم خۆی دیاریکردبوو، حیزبی شیوعی هەوڵی پێکهێنانی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دا، لەگەڵ حزبە چەپ و دیموکراسیخوازو پێشکەوتووخوازەکان، بۆنموونە لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشان بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی و دۆستەکانی دیکەمان هەردەمیش دەرگای والا بووە بۆ ئەوەی ئەوانەی کار بۆ هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن و پەرۆشی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی کوردستان و قوولکردنەوەی دیموکراسین دەتوانن کار لەگەڵ حیزبی شیوعی بکەن.

رووداو : ئێوە لیستی حیزبە چەپەکانتان دروستکردووە، چەپەکان تا چەند شانسیان ماوە لەکوردستان؟

حەیدەر شێخ عەلی : حزبی شیوعی و چەپەکان، مێژوێکی پڕ لەشانازی تێکۆشان و بەرەنگاربیان هەیە و ڕووبارێک قوربانیان لەپێناو کێشەی ڕەوای گەلی کوردستاندا ڕشتووە، مێژووی حیزبە چەپەکان بۆ زیاتر لەحەفتاساڵ دەچێت، کەلەهەموقۆناخەکانی تێکۆشاندا کاریگەریان لەسەر گۆڕەپانەکەدا هەبووە، ئەم مێژووە بەئاسانی ناسڕێتەوەو بنکەی جەماوەری حزبی شیوعی وچەپەکان، بنکەیەکی تۆکمەیە، چونکە خۆی بەخاوەن پرۆسە سیاسیەکەو تەواوی دەستکەوتەکان دەزانێت، کەواتە چەپەکان میوان نین لەسەر پرۆسەی سیاسی کوردستان، لەماڵی گەرم و نەرم و بێ گیروگرفتیش لەدووای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان هاتبنە سەر حازرەکی بەڵکو لەتاڵی وسوێرییەکان بەشداربوونەو بە هەزاران شەهیدیان لەوپێناوەدا داوە.

هێزی حیزبی شیوعی وچەپ ودیموکراتخواز و کەسایەتییە نیشتمانیەروەرەکان و هەموو ئەوانەش کە باوەریان بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، هێزێکی گەورەن لە کۆمەڵگادا و خاوەن مێژوێکی پڕ لەتێکۆشانن، ئەگەرچی ئەمڕۆ تارادەیەک کاریگەریان لەسەر ڕووداوەکان کەمە بەڵام بڕیارە هەوڵەکان بەگوێرتر بکەین بۆ گۆڕینی ئەم هێزە بەو ناوەگەورەیەی بۆ هێزێکی کاریگەر لەسەرکۆمەڵگای کوردستانی ولەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، بڕوام وایە ئەم هێزە، هێزی دەستپاکەکانە و بەویژدانەوە بۆ مەسەلەکان دەچن و تەنها بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی لەبەر چاودێرن بۆ گەیشتن بەهێنانەدی عەدالەت و یەکسانی.

پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکانیش تەنها پێوانەیەک نیە بۆ ئەو مێژووە تاوەکو پلەی هەبێت بۆسەرکەوتن و ژێرکەوتن، چۆن قۆناخ هەیە شکست دێتە ئاراوە، پرۆسەی سیاسی قۆناخی زۆرتری هەیە بۆ سەرکەوتن بەڵام ئەوەی گرنگە حیزبی شیوعی و حزبە چەپەکان کە ئێستا لەچوارچێوەی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایتدا کێبوونەتەوە،شانسی گەورەیان لەپێشە، لەوە ناترسن کە بدۆڕێن، هەر لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو کە ڕاگەیاندنی لیستەکە گەیشتووەتە هاوڵاتیان، بەئاسانی جێگای خۆی کردووەتەوەو بووەتە ڕکابەرێک کە هەموو لایەنەکان بەرێزەوە سەیری ئەم لیستی چەپانە دەکەن. وا بەچاوی خۆمان دەبینین کە ڕۆژ بەڕۆژ پشتگیری بۆ ئەم لیستە لەزیادبووندایەو بۆتە جێگای ڕەزامەندی ژۆرێک لەهاوڵاتیان کە بیریان بەلای هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایتییەوە.

رووداو: خوێندنەوەتان بۆ ئاستی ململانێی لیستەکان لەو هەڵبژاردنەدا چییە؟

حەیدەر شێخ عەلی : ڕەنگە ئێستا زووبێت بۆئەوەی خوێندنەوە بۆ ئاستی ململانێی لیستەکان بکرێت، چونکە تائێستا بەشێکی زۆری لیستەکان بەرنامەیان دیار نیە و تەنها لەچوارچێوەی چەند وشەو دەستە واژەیەکدا گەمەی سیاسی پێش هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام ئەوەی دیارە ڕەنگە ململانێکان لە زۆرانی داهاتوو توندتر بێت و هەموو هەوڵەکانیش بخرێنەگەڕ بۆ سەرنجڕاکێشانی دەنگدەر، بێگومان لەکاتی هەڵمەتی ڕاگەیاندندا، ململانێ توندتر دەبێت لیستەکان هیچ کامیان بەتەنها ناتوانێت، خاوەن جلەوەکە بێت، بەڵکو قۆناغەکە پێویستی بەهەمووان هەیە، بۆیە ئاستەکە لەوەدا دەبینمەوە کە ڕەنگە گۆڕانکاری لەوەی هەیە بێت بەڵام گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە رووناداتلە بارەی لیستەکەشیانەوە کە لیستی حیزبی شیوعی وچەپەکانە بەنای لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەڵێ ئەو لیستی دەستپاکەکانە و " لە دۆڕان ناترسین".

گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە لە هەڵبژاردنەکاندا رووناداتلە بارەی لیستەکەشیانەوە کە لیستی حیزبی شیوعی وچەپەکانە بەنای لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی

هیوادارم لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئێسکی یەکدی نەشکێنین

گەندەڵی بکرێت نەک پەرتوبڵاوکردنی هێزوتواناکان، چونکە هەردەم حزبی شیوعی خاوەن پرۆژەی گۆڕانکاری خۆیەتی و ناچێتە ژێر باری پرۆژەیەکی دیکە کە نەزانێ چۆنەو بۆچی دارێژراوەو بەچ ئاراستەیەک دەڕوات و کێ لەپشتیەوەیتی وەک گوتم حیزبی شیوعی کە ئێستا لە چوارچێوەی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هاوپەیمانێتییەکی دروستکردوە، وەک هێزێکی سیاسی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، دەیەوێ بەشەفافیەت هەڵوێستەکانی خۆی بخاتە روو

لیستی نەوشیروان تائێستا خۆی ساخ نەکردووەتەوە

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

رۆژنامەنووسی سوێدی ستیڤان هێرتێن وردەکارییەکانی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەگێڕێتەوە:

سەربازانی ئێرانی نەیانهێشت خەڵکی هەڵەبجە بگەڕێنەوە مردووەکانیان بنێژن

کاوە ئەمین
رووداو–سوێد

دیمەنی کەڵەکە بووی مردووەکان لەسەر یەکتر، خانووە نزمە لە قوڕو بەرد دروستکراوەکانی هەڵەبجە، ئۆتۆمبێلە تێکوپێک شکێنراوەکان، فتواکەی خومەینی بۆناشتنی مردووەکان، فڕۆکە مێگەکانی عێراق و ئەفسەرە بەدیلگیراوەکانی، سووڕانەوەی هێزەکانی ئێران و پێشمەرگە لە نێو هەڵەبجە. تۆپبارانی ناو بەنای عێراق، دوکانە دەرب شکاو و تاڵانکراوەکانی هەڵەبجە. ئەوانە ئەو دیمەنانەن کە ڕۆژنامەنووس ستیڤان هێرتێن، پێنج ڕۆژی دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە چاوی خۆی بینیونی.

ڕۆژنامەنووسی بەنێوبانگی سوید ستیڤان هێرتێن، دوای ئەوەی لەلایەن سەرانی ئێرانەوە پێشنیازی بۆ دەکرێ وەک ڕۆژنامەنووسێک ئاسانکاری بۆ دەکرێ ئەگەر بیەوێ سەردانی هەڵەبجە بکات، خۆی و بەڕێرسەکەی سەری ڕەزامەندی بۆ داواکارییەکە دەدەقێنن و لە ماوەی یەک ڕۆژدا ستیڤان دەگەیەنرێتە شوێنی ڕووداو. ستیڤان دەڵێت "ئێران هەڵەبجەی کردبووە مۆزەخانەیەکی کاتی تا ڕۆژنامەنووسان دیمەنانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بۆ جیهان بگوازنەوە".

ستیڤان بە کێک بوو لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە 1988/3/21 واتە پێنج ڕۆژ دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە هەلیکۆپتەرێکی ئێرانی لە ئەختەرانەوە گواستراوەتەوە بۆ شاری هەڵەبجە تا دیمەنەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بۆ میدیای سوێدی بگوازێتەوە. ستیڤان پێشتریش لە کاتی جەنگی عێراق- ئێراندا لە ساڵانی 1986 – 1987 سەردانی ئێرانی کردووە. ستیڤان دەڵێت "من لەو ئەفەرەدا ئاوەنەخواز بووم خەڵک ئاگادار بکەمەوە لەو شەڕە ژەهراوییە".

هێرتێن باسی دیمەنەکانی 1988/3/21ی ناو هەڵەبجە دەکات و دەڵێت "مرۆڤ و گیانداری مردوو لە شوێنێکدا دەبینران. مرۆڤ دەیتوانی سەر بەهەر ماڵێکدا بکات و چەندین لاشەی مردوو ببینێت. خەڵکی نێو شارەکە لە چاوترووکانێکدا بەهۆی گازی سیانیدەوە مردبوون و وەکو ئەوە وابوو خەویان لێ کەوتبێت. بەڵام لەقەراخ شارەکە بەتایبەت لە گوندی عەنەب، لاشەی پارچە پارچەکراوی مرۆڤەکان بەو ناوەدا بڵاو بوبوەوەو. پێ دەچوو ئەوانەی ویستبویان لەشەودا خۆیان ڕزگار بکەن، بەهۆی بۆمبی ئاساییەوە، کوژرابن، لەجێگایەکدا، چەند سەد لاشەیەک لەسەریەک کەڵەکەکرابوون".

ئەو ڕۆژە ستیڤان هیچ مەدەنییەکی ساخی لە نێو هەڵەبجەدا نەبینیوە جگە لە ڕۆژنامەنووسانی بیانی، سەربازانی ئێرانی و چەند پێشمەرگەیەکی کوردی، ستیڤان دەڵێت "سەربازانی ئێرانی ڕێگاکانیان گرتبوو، نەیاندەهێشت خەڵکی مەدەنی بگەڕێنەوە نێو شارەکە تا مردووەکانیان بنێژن"، هەروەها دەڵێت "ئایەتوڵڵا خومەینی بڕیاری دابوو ئەو یاسا ئاساییانەی کە بۆ ناشتنی مردوو پەیڕەو دەکران، لە هەڵەبجە پەیڕەو نەکرێن و مردووەکان بە کۆمەڵ بنێژرێن". ناوبراو باس لەوەش دەکات ڕۆژبەی دوکانەکانی نێو هەڵەبجە بەسەر یەکدا تێکوپێکدرابوون و، دەرگاکانیان دەهێنرابوون، وا دیار بوو تاڵان کرابوون، بەڵام نەمتوانی بزانم ئاخۆ بەهۆی هێرشی سەر شارەکەوە وایان لێ هاتبوو یانیش تاڵان کرابوون.

ستیڤان هێرتێن، تاکە ڕۆژنامەنووسی سوێدی بووە، لەکاتی ڕووداوەکە چووەتە هەڵەبجە، دوای گەڕانەوەشی بۆ سوێد کۆمەڵێک وتاری لەبارەی ڕووداوەکە نووسی، ئەو وێنانەشی کە گرتبوونی لە دوو لاپەڕەی گەورەی ڕۆژنامەی ئێکسپرێس بڵاوکرانەوە، هەروەها بەشداری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کرد کە بۆ کارەساتی هەڵەبجە تەرخان کرابوو. ستیڤان لە ساڵی 2003 و 2004 سەردانی هەڵەبجەی کردووەو فیلمی وێنەکانی پێشکێشی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە کردووە.

ستیڤان دەڵێت "عەلاقەیەکی گەورە بۆ گێڕانەوەکانی من لەسەر هەڵەبجە لە سوێد نیشان درا. دنیا بەچاوی خۆی بەکارهێنانی چەکی ژەهراوی لەلایەن سەددامەوە، بینی. هەر چەندە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەوڵی ئەوەی دەدا، وانیشان بدرێت کە ئەوە ئێرانە چەکی ژەهراوی بەکارهێناوە لە هەڵەبجە، نەک عێراق".

وا بڕیار بوو ستیڤان بێتە یەکێک لە شایەتحاڵەکانی دۆسیەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەشتەڕەیەکی ئەنجامدا نەیتوانی بەشداری بکات. ئەو دەڵێت ئەگەر بجوومایە دادگا باسی ئەو کوژرانەم دەکرد کە بەچاوی خۆم لە هەڵەبجە بینیمن، باسی فرۆکە مێگەکانی عێراقیم دەکرد کە بەسەر سەرمانەوە دەخولانەوە، هەروەها باسی تۆپبارانی عێراقییەکانم دەکرد کە لە لایەن دەبابەکانی عێراقەوە لە دەربەندیخانەوە دەیان نا بەهەڵەبجەوە، باسی ئەو بریندارە مەدەنیانەم دەکرد کە بەگازی سێنای سووتابوون و خۆم لەخەستەخانەکانی تاران بینیمن، هەروەها "باسی ئەو 25 ئەفسەرە عێراقییەم دەکرد کە لەلایەن ئێرانەوە، گیرابوون و لەکۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا لەتاران دانیان نا بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە".

ستیڤان هیچ گومانی نییە ئەوەی سەدام بە هەڵەبجەی کرد کۆمەڵکوژییە، بەڵام دەڵێت "زۆربەی دەوڵەتەکان خۆیان لەوە دەزنەوە، کە هەڵەبجەو ئەنفال وەکو جینۆساید بناسن، ئەوەی پەیوەندی بەمنەوەبێت، لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەنفال، هێندە گەورەیە دەبێت ناوی کۆمەڵکوژی لێ بنرێت. بەڵام، نەتەوەیەگگرتووەکان و وڵاتانی دنیا بەگشتی وای لێکدەدەنەوە کە ڕژێمی سەددام حسێن هەڵەوشاوەتەوە، بۆیە ناوهێنانی کۆمەڵکوژی یان گەلکوژی تەنها لەلایەنی مێژووییەوە بایەخی هەیە بۆ ئەوان".

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەوڵی ئەوەی دەدا، وانیشان بدرێت ئێرانە چەکی ژەهراوی بەکارهێناوە لە هەڵەبجە نەک عێراق

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net